# ئێران و ئەمریکا بەرەو دانوستان دەڕۆن





هاتنە سەرکاری باراک ئۆباما دەرفەتێکی زێرینی لەبەردەم کۆماری ئیسلامی ئێران دا کردۆتەوە. لەلایەکەوە جۆرج دەبلیو بووش کە بە دوژمنی سەرسەختی تاران ناسرابوو، ناکام ماوەتەوەو لە کۆشکی سپی نەماوەو گەڕاوەتەوە ماڵێ، لەلایەکی دیکەشەوە پێش بە هەوڵەکانی تاران بۆ وەدەستهێنانی هێزی ناوەکی نەگیراوە.

باراک ئۆباما کە وەک پێداویستی گۆڕان دەنگی وەدەستهێناوە، لەهەوڵی بەجێهێنانی بەڵێنەکانی خۆیەتی، یەکێک لەبەڵێنەکانیش دانوستاندن لەگەڵ ئێرانە. دوای هاتنە سەرکاریشی چەندین جار خواستی ئەمریکای بۆ دانیشتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران راگەیاندووە.

رۆژێک بەر لە ساڵیادی کۆماری ئیسلامی ئێران، باراک ئۆباما سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاشکرای کردبوو کە وڵاتەکەی بەنیازە گفتوگۆی راستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام بدات.

لێدوانەکەی باراک ئۆباما بێ وەڵام نەمایەوە، رۆژی دواتر و لە کۆبوونەویەکی فراوانی جەماوەریدا کە بەبۆنەی سیهەمین ساڵیادی کۆماری ئیسلامی ئێران رێکخرابوو، مەحمودی ئەحمەدی نەژارد سەرکۆماری ئێران گوتی کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا رایگەیاندووە کە خوازیاری گۆڕانکاری و هەڵگرتنەوەی هەڵوێستی دیالۆگە، بەڵام پێویستە گۆڕانی راستەقینە لە ناوەڕۆکەوە ئەنجام بدرێ نەک لە تەکتیکدا.

دوای وتارەکەی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد، باراک ئۆباما جارێکی دیکەش جەختی لەسەر هەوڵدان بۆ دانوستان لەگەڵ ئێران کردەوە و رایگەیاند کە بەدوای دەرفەتێکی گونجاو دەگەڕێین تا دانوستانی راستەوخۆ لەگەڵ تاران ئەنجام بدەین.

راستیەکەی باراک ئۆباما دەیەوێ کێشەکە لەگەڵ ئێران ئاڵۆزتر نەکات و شوێن پێی خۆی قایمتر بکات و بەرژەوەندەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناقیندا بپارێزێ و وەک گۆڕانێکی ئەرێنیش پێشانی گەلی ئەمریکاو جیهانیانی بدات، هەرچی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشە دەیەوێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتی خۆی لەناوچەکەدا بگۆڕێ و چیتر گوشارەکانی بۆ سەر ئێران چڕتر نەکاتەوەو پەرەش بە بەرنامەی ناوکی خۆی بدات کە هەمیشە جەخت لەسەر ئاشتی بوونی دەکاتەوەو دڵنیایی بە جیهانیان دەدات کە مەبەستی وەدەستهێنانی چەکی ناوکی نیە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە رێگەی گەیشتن بە دانوستان لەگەڵ ئێران هەورازو نشێوی زۆری تێدایە، چونکە تاران وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بەکاوەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێتەوەو دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆمیش هەڵناگرێ، هەرچی ئەمریکاشە دەیەوێ بەخێرایی بە ئاکام بگات و کێشەکەی لەگەڵدا یەکلایی بکاتەوە، بۆیە باوەڕناکرێ کە واشنتن سەبری ئەیوبی هەبێ و ماوەیەکی زۆر لەسەر تاران رابوەستێ.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە دەرفەتێکی زێڕین بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هاتۆتە پێش، ئەگەر بەزوویی پێیڕانەگا، لەوانەیە لەدەستی دەربچێ، چونکە ئەمریکا ناتوانێ کاتێکی درێژ بە دیاریەوە بمێنێتەوە. لەو پێوەندەدا رۆژنامەوانێکی رۆژنامەی نیۆیۆرک تایمز دەڵێ ئەگەر ئێران هەنگاوی خێرا هەڵنەگرێتەوەو ئامادەیی خۆی بۆ دانوستاندنی راستەوخۆ پێشان نەدا، لەوانەیە لەمانگەکانی داهاتوودا باراک ئۆباما ناچار بێ کە سیاسەتی خۆی لەبەرانبەر ئێراندا بگۆڕێ و بەرەو توندکردنی ببات.

لەلایەکی دیکەشەوە هەڵدانی یەکەمین مانگی دەستکردی ئێران گومەکەی شڵەقاندووە، کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی بە هێزێکی گەورە پێشان دەدات و دەخوازێ کە وڵاتانی جیهان زلهێزبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران پەسند بکەن، هەرچی ئەمریکاو هەندێک وڵاتی دیکەی وەک ئەڵمانیاو بەریتانیاو فەرەنسایە پێی نیگەران بوونەو پێیانوایە کە دەبێ رێگەی خۆپارێزی بگیرێتەبەرو رێگە نەدرێ کە ئێران دەستی بە چەکی ناوکی رابگات. هەرچی ئیسرائیلیشە تەواو پێی نیگەران و هەراسان بووەو دەیەوێ سنوورێک بۆ پێشکەوتنەکانی چەکی ئێران دابنرێ، هەرچەندە کە بەهۆی هاتنە سەرکاری باراک ئۆباماوە پێوەندی نێوانیان وەکو پێویست نییە، بەڵام دیسانیشەوە ئیسرائیل بەبێ ئەمریکا ناتوانێ کردەیەکی سەربازی دژ بە ئێران بەرێوەببات.

ئەمریکا بۆ دڵنیاییدان بە ئیسرائیل دەیەوێ هەرچی زووترە دانوستاندنی راستەوخۆ لەگەڵ ئێران بەرێووەببات، هەرچی ئیسرائیلیشە دەیەوێ بەر لەهەموو شتێک نەهێڵێ کە تاران دەستی بە چەکی ناوکی رابگات. بۆ ئەمەش هەردوولایەن پێویستان بەوە هەیە کە دانوستاندنی خێرا لەگەڵ ئێران ئەنجام بدرێ و نیازەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاشکراو روونتر بکەونە روو، ئەوکاتە قسەو بەرنامەی دیکەی بۆ دەدۆزرێتەوە.

بێگومان کە باراک ئۆبامای سەرکۆماری ئەمریکا بازنەیەکی دیکەی بەدەوردایە، ژمارەیەک راوێژکارو سیاسەتکاری دیکە هاوکاری و هاوهەنگی لەگەڵدا دەکەن، هەندێک لەوان حەز بە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران ناکەن و دەیانەوێ کە گوشاری قورستر بخرێتە سەر تاران و ناچاری بکەن کە دەست لە پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵبگرێ، هەرچی باراک ئۆبامایە پێیوایە بۆ رازیکردنی تاران و راکێشانی بۆ سەر مێزی دانوستاندن پێویستی بە پێشاندانی نیازپاکی هەیە، چونکە هەمیشە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە نیازی ئەمریکا نیگەرانن و باوەڕی پێناکەن، تەنانەت زۆرجاریش جەختیان لەسەر ئەو خاڵە کردۆتەوە.

بۆ پێشاندانی نیازپاکی، واشنتن دەیەوێ هەنگاوی کردەیی هەڵبگرێتەوە، هەموو پێداگری لەسەر دانوستاندنی راستەوخۆ بکاتەوە، هەمیش پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ گروپە نەیارەکانی تاران بشارێتەوە یان بپچڕێنێ، لەوانەیە ئەوەش وایکردبێ کە پژاک بخرێتە ناو لیستی رێکخراوە تیرۆریستەکانەوە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە بۆ باراک ئۆباما زۆر گرنگە کە تاران بۆ سەرمیزی دانوستاندنی راستەوخۆ رابکێشێ، چونکە بەوهۆیەوە دەکرێ ترس و دڵەڕاوکێی تاران برەوێتەوە، دەکرێ نیازپاکی پێشان بدرێ و زمانی لەیەک تێگەیشتن بدۆزرێتەوە، بەوهۆیەشەوە کار بۆ دانوستاندنی راستەوخۆ دەکات و هەوڵ نادات لەم کاتەدا کێشەکە ئاڵۆزتر بکات.

ئەگەرچی لەسەردەمی جۆرج دەبلیو بووشدا بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەست لەکاروباری نێوەخۆی عێراق وەردەدات و هاوکاری رێکخراوە توندڕۆکان دەکات، بەڵام ئێستا دەیانەوێ خۆیان لەوە بپارێزن.

رێککەوتنی نێوان تاران و واشنتن وەک هەندێک چاودێر بۆی دەچن تەواو لەبەرژەوەندی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە، کەچی هەندێک لەچاودێرانی کورد ئەمە بەمەترسی دادەنێن و پێیانوایە ئەگەر تاران و واشنتن رێکبکەون ئیدی لەبایەخ و گرنگی رۆڵی کورد کەم دەکاتەوە.

**ئاکۆ مەجید**

# نوری مالکی و موقتەدا سەدر لە ململانێوە بەرەو هاوکاری و هاوپەیمانی



لەدوای هاتنە سەرکاری نوری مالکی، گرژی و ئاڵۆزی زۆر لەنێوان رەوتی سەدرو حزبی دەعوە سەری هەڵدا، چونکە نوری مولکی گرەوی لەسەر بەکارهێنانی هێز دەکردەوەو هەوڵی دەمکوتکردنی سوپای مەهدی دەدا. لە رابردوودا چەندین جار شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی عێراق بە سەرۆکایەتی نوری مالکی و سوپاری مەهدی بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر روویان دا و سەدان کەسیش تیاچوون، بەڵام وا دیارە ئێستا رەوشەکە بەرەو شوێنێکی دیکە رێ دەگرێ و ئەو دووانەش لە ئاشتبوونە رەتیان کردووەو بەرەو هاوکاریکردن و هاوپەیمانی هەنگاو هەڵدەگرنەوە.

وەک بینیرا لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراقدا لیستی نوری مالکی لە زۆربەی شارکانی شیعەنشیندا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا، هەندێک پێیانوابوو کە گۆڕان لە پێکهاتەکانی عێراقدا دروست بووەو ئیتر عێراقیەکان لەسەر بنەمای تایفی و رەگەزی دەنگ بە لیستەکان نادەن، بەڵام پێچەوانەکەی راست تر بوو، چونکە ئەگەر بە وردی لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بکۆڵینەوە، دەردەکەوێ کە لە پارێزگاکانی سوننە نشینەکان لیستی هێزە سوننیەکان دەنگیان پێدراوەو لە پارێزگاکانی شیعەنشینەکانیش لیستی هێزە شیعیەکان دەنگیان پێدراوە، لە پارێزگاکانی نەینەواو دیالاش کورد بە ئەندازەی پێویست دەنگی وەرگرتووە، ئەمەش دەیسەلمێنێ کە پێکهاتەکانی عێراق لە یەکتریەوە دوورن و پێویست بەوە دەکات کە سیستەمێکی فیدراڵی بچەسپێ و هەرێمی دیکە دابمەزرێ.

ئەگەر لاپەڕەکانی 5 ساڵی رابردوو هەڵبدەینەوە، دەبینین کە رەوتی سەدرو حزبی دەعوە لە هەموو هێزە عەرەبیەکانی دیکە دژایەتیان لەگەڵ سیستەمی فیدراڵی دا کردووەو هەوڵیان داوە کە ناوەند بەهێز بکەنەوەو هێزە سەربازیەکان بەهێز بکەنەوەو مافی بەکارهێنانی نەوت لەدەستی ناوەندا چڕبکەنەوە، ئێستا کە هەڵبژاردنەکان لەبەرژەوەندی لیستەکەی نوری مالکی دا هاتۆتەوە، دەبێ پێشبینی رۆژگارێکی نارۆشنتر بکرێ.

هەرچەندە زۆرێک لە چاودێران پێیانوایە کە هاوکارییکی نزیک لەنێوان رەوتی سەدرو حزبی دەعوە لە هەڵبژاردنەکاندا هەبووە، فەرمان بە لایەنگرانی رەوتی سەدر دراوە کە دەنگ بە لیستی دەوڵەتی یاسا کە لیستی نوری مالکی بووە بدەن، لە داهاتووشدا هاوپەیمانی نێوان ئەوان بەدیار دەکەوێ، بەتایبەتیش بۆ لاوازکردنی هەرێمەکان و دانەمەزراندنی هەرێمی دیکەی فیدراڵی.

پرسیارێک خۆی دەنوێنێ: ئایا چی وادەکات کە مالکی و موقتەدا لە ململانێوە بەرەو هاوکاری و هاوپەیمانی برۆن؟

بێگومان وەڵامدانەوەی هێندە زەحمەت نیە، چونکە هەردوولایەن، واتە رەوتی سەدرو حزبی دەعوە دوو هێزی شیعەی توندڕۆ و دەستەڵاتخوازن، هەردووکیشیان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پشتیوانییان لێدەکرێ، هەردوولاشیان خەون بە لاوازبوون و نەمانی ئالحەکیمەوە دەبینن، هەردوولاشیان کەرکوک بە بەشێکی دانەبڕاو لە عێراق و بە خاکی عەرەبی دەزانن کەواتە ئەو هاوکارییە نهێنییەی کە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا لە نێوانیاندا هەبووە، کارێکی سروشتیە، پێکهێنانی هاوپەیمانی لە نێوان رەوتی سەدرو حزبی دەعوەش لە داهاتوودا کارێکی ئاسایی دەبێ.

راستیەکی ئاشکرایە کە ئێستا نوری مالکی وەکو پێشوو لەلایەن هاوپەیمانی کوردستان و عەرەبە سوننەکانەوە پشتیوانی لێ ناکرێ، بۆیە گەڕان بە دوای جێگرەوەیکی دیکە یەکێک لە ئەرکەکانی هەنووکەیی نوری مالکییە.

ئەگەر جاران ئەنجوومەنی باڵای شۆڕسی ئیسلامی بە رێبەرایەتی عەبدولعەزیز ئەلحەکیم هاوپەیمانی لەگەڵ حزبی دەعوەدا دەکرد، بەڵام ئێستا ناکۆکی و ئاڵۆزی لەنێوانیاندا دروست بووە، بەتایبەتیش لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوونەی پارێزگاکاندا، لایەنگرانی مالکی هەوڵیان دەدا کە دەنگی لایەنگرانی ئالحەکیم بەلای خۆیاندا رابکێشن، تەنانەت پروپاگاندەشیان دژ بە لیستی شەهیدی میحراب بڵاودەکردەوەو بە گەندەڵ و سامان کۆکەرەوە تۆمەتباریان دەکردن، کەواتە هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی نێوان حزبی دەعوەو ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی لە داهاتوودا وەک ئەگەرێک پێوانەی بۆ دەکرێ، بەتایبەتیش لە کاتێکدا کە رامانی ئەو دوانە سەبارەت بە پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵی لە باشوور زۆر جیاوازە، هەرچی ئالحەکیمە دەخوازی لە نۆ پاریزگای باشووری عێراق هەرێمێکی فیدراڵی دروست بکرێ، هەرچی نوری مالیکیشە دەیەوێ هیچ هەرێمێکی فیدراڵی دروست نەبێ و ناوەند بەهێز بکرێتەوە..

ئەو رامان و روانگانەی کە نوری مالکی و حزبی دەعوە لەگەڵ رەوتی سەدر کۆدەکاتەوە، زۆر لەوانە زیاترن کە لەگەڵ هێزەکانی دیکەی عێراقی بەیەکەوە گرێیان دەدات، کەواتە سەرەنجام ئەو هاوکاریەی نێوان رەوتی سەدرو حزبی دەعوە بۆ هاوپەیمانێتی دەگۆڕدرێ.

هاوپەیمانی و هاوکاری لەنێوان هێزە عێراقیەکان کارێکی هێندە سەخت و مەترسیدار نیە، بەڵام بەخوێندنەوەی رامان و ئامانجی رەوتی سەدرو حزبی دەعوە دەبێ عێراقیەکان بە گشتی و گەلی کوردستان بە تایبەتی هەڵوەستە بکەن و پەیوەندی نیوانیشیان قوڵتر بکەنەوە. ئەرکی هەرە لەپێشی هێزە کوردستانیەکان ئەوەیە کە لەبەرانبەر هاوپەیمانێتی مالکی و سەدردا، هاوپەیمانێتییێکی بەرفراوان لەنێوان خۆیاندا دروست بکەن.

**سەمیر سالح**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

| | |
|---|---|
| Directory: | C:\Users\barzamer\Desktop\222 Word |
| Template: | C:\Users\barzamer\AppData\Roaming\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | |
| Subject: | |
| Author: | Azad |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 2009-01-10 09:49:00 |
| Change Number: | 186 |
| Last Saved On: | 2009-02-13 11:59:00 |
| Last Saved By: | barzamer |
| Total Editing Time: | 194 Minutes |
| Last Printed On: | 2009-02-14 12:20:00 |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 1 |
| Number of Words: | 6 (approx.) |
| Number of Characters: | 32 (approx.) |

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com